السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەندە کردەوە بکەن کە لە تواناتدا هەیە، والله خوای گەورە بێزار نابێت (لە پاداشتدانەوەتان) هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن (لە کردەوە کردن)

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران وخێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: حەولا کچی تووەیت کوڕی حەبیب کوڕی ئەسەد کوڕی عەبدئەلعوزا بەلایدا تێپەڕ بوو، وئەویش پێغەمبەری خودای لەلا بوو -صلى الله عليه وسلم-، ووتم: ئەمە حەولای کچی توەیتە، دەڵێن: شەوان ناخەوێت (شەونوێژ دەکات)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «شەو ناخەوێت! ئەوەندە کردەوە بکەن کە لە تواناتدا هەیە، والله خوای گەورە بێزار نابێت (لە پاداشتدانەوەتان) هەتاوەکو ئێوە بێزار دەبن (لە کردەوە کردن)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- لە لای حەولای کچی توەیت بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەو دەرچوو وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە. عائیشە پێی ووت: ئەم ئافرەتە شەوان ناخەوێت بەڵکو زیندووی دەکاتەوە بە شەونوێژ کردن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ نکۆڵی کردن لەوەی ئەم بارگرانیەی خستۆتە ئەستۆی خۆی؛ فەرمووی: شەو ناخەوێت! خۆتان سەرقاڵ بکەن بە کردەوە چاکەکان بەو شێوەیەی دەتوانن بەردەوام بن لەسەری، والله خوای گەورە بێزار نابێت لە پاداشتدانەوەی زۆری بەندە چاکەکارە گوێڕایەڵەکانی هەتاوەکو ئەوان بێزار دەبن و واز لە کردەوەکە دەهێنن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10411

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee